کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-8-2007 21:49بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە شۆڕشەوە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی مەدەنی ... فاتیح ئیسماعیل ئەحمەد**



چەمك و واتای شۆڕش، بۆ گۆڕینی واقیعێکی ناشیاو و ناتەندروستە بۆ واقیعێکی شیاو و تەندروست، ئەوەش کاتی شۆڕشەکە هەڵگری سیما و مۆرکی شۆڕشێکی ڕەوابێت. بە واتایەکی دیکە ئامانج و ستراتیژو تێکۆشانی ئەو گرووپ و دەستەیەی کە شۆڕش بەرپا دەکەن جیالەوەی ئەجندەی خۆیان رادەگەیانن لەتەك ئەوەشدا دەبێت یەك بێتەوە لەگەڵ بنەماکانی شۆڕش کە نەك هەر ئەو گرووپە و دەستەیە خۆیان بە پابەند بوون بە بنەماکانی ڕەوایەتی شۆڕش بزانن. بەڵکو مەودای شۆڕشەکەوە ئامانجەکانی بە کردەوە بۆ گۆڕینی واقیعێکی ناشیاو بێت کە هیچ بوارێکی دیکە نەمابێت تا شۆڕش پەنای بۆ نەبات، چونکە شۆڕش جیالەوەی بەبێ سیاسەت و دبلۆماسی و جەماوەری و تەنانەت کارگێڕێکی سنوورداریش نابێت، لەتەك ئەمانەشدا بەڵگە نەویستە کە چەك و شێوازی هێز زیاتر زاڵ و کارەیە و هەروەها هێندە پابەندی شوێن نابن، وەك هێرشێك بۆ سەر شوێنێك بەتایبەتی لە خەباتی پارتیزانیدا دوای ماوەیەکی کورت بەجێدەهێڵرێت، بەپێچەوانەی کاری ئیداری کە پێویستی بە ئارام و دامەزراوەی و هەلی کار کردن و... هتد دەبێت، باشترین نموونەش شۆڕشەکانی کورد کە لە کوردستان بۆ رزگاری و بەدیهێنانی مافە کانی نەتەوەی کورد و پیادەکردنی شێواز و سیستەمی دیموکراسی لە وڵات بووە، لەبەر ئەوەی هەڕەشە لەسەر بوون و ناسنامەی نەتەوەی کورد بووە و هەروەها نەبوونی هیچ ئازادیەکی سیاسی و جەماوەری و مەدەنی نەبوو لە کوردستان و عێراق تا شۆڕش بەرپا نەبێت.

جا شێوازی دیالۆگ و دانوستاندن، رژێمەکانی عێراق تا شکست نەبوونەیە ئامادە نابوون و بواریشیان نادا بە گفتوگۆ لە کێشەکان بدوێن و چارەسەریان لی بکرێن (هەرچەندە زۆر لە گفتوگۆکان تەنیا بۆ کات بەسەر بردن بوو لەلایەن رژێمەکانەوە.. ؟!)، بەڵام لەتەك ئەوەشدا کورد دەست بەرداری گفتوگۆ و دانوساندن نابوو، کە ئەوەش بەرهەمی هەبوو باشترین نموونەش رێکەوتنی (11ئاداری ساڵی1970) ی نێوان سەرکردایەتی کورد و رژێمی دەسەڵاتداری ئەوکاتی عێراق بوو، کە بۆ مێژوو کورد بووە هاوبەش لە دەسەڵات لە عێراق و وەك نەتەوەی دووەم دانی پێدانرا و ئەگەر بۆ کاتیش بێت تارادەیەك مافەکانی کورد بەدی هات، بەڵام بەداخەوە بەچەشنی تەواوی گفتوگۆ دانوستاندن و رێکەوتنەکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و رژێمەکانی عێراق، کە رژێمی عێراق بۆ ماوەیەك پابەند دەبوون بەو رێکەوتنەوە تا دەهاتنەوە سەرپێی خۆیان، دواتر ئەوەی لەسەری رێك دەکەوتن پەشیمان دەبوونەوە.

پارتی دیموکراتی کورد (سەرەتا پارتی دیموکراتی کورد بوو لە کۆنگرەی سی یەمی ساڵی1953 بووە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی دەربڕی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بێت) لە16ی ئابی ساڵی 1946 لەسەردەستی کۆمەڵی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ و سیاسەتمەداری کورد بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی نەمر دامەزرا بۆ داکۆکی کردن لە دۆزی رەوای نەتەوەی کورد و بەدیهێنانی دیموکراسی و سیستەمی خۆ بەرێوەبردن بۆ عێراق، چونکە بەبێ دیموکراسی ناتوانری مافی نەتەوە و لایەنە جیاوازەکان بەدی بێت و هەروەها پێکەوە ژیان لەسەر پێی خۆی بووەستی.

پارتی دیموکراستی کوردستان لە ساڵی1961 پەنای برد بۆ شۆڕش، چونکە بوارەکانی دیکەی لەبەردەمدا داخرا، کاتێکیش کە شۆڕشی دەست پێکرد بۆ بەدی هێنانی مافی کورد بوو. باشترین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گەواهیش جەماوەری کوردستانە کە زۆرینەی زۆری تاڕادەی نزیکەی هەموو بەشێوەیەك لەشێوەکان پشتگیریان کرد، ئیدی هەبوو بە بەشداری ڕاستەوخۆ بوو، یان هەش بوو بە هاوسۆزی یاخود هەبوو تەنانەت بە ڕەتکردنەوەی نەچوونە ریزی دەزگا و دامەزراوەکانی دەسەڵات لە عێراقدا بوو، چونکە ڕژێمەکە زۆر دڕندە بووە هەموو شتێکی دەکرد لە پێناو مانەوەی خۆی.

جا ئەمانەو چەندانی دیکە بونە بنەمایەکی حاشەهەڵنەگر بۆ ڕەوایەتی شۆڕشی کورد، لەتەك ئەمانەشدا هەموو هەوڵێکی شۆڕشی کورد بۆ ئەوە بوو گیانی تولّە و پێشێلی مافی مرۆڤ نەکرێت، کە بە خۆشحاڵیەوە شۆڕشی کورد لەم مەیدانەدا پەرێزی خاوێنە، هەر ئەوەش بووە یەکێك لە فاکترە بەهێزەکانی پشتگیری دەرکی لە شۆڕشی کوردستان. سەرەڕای ئەوەی، کە کورد جگە لە چیا دۆستی هاوبەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و سەربازی نەبوو کەچی توانی هاوسۆزی و پشتگیری تارڕدەیەك بەدی بهێنرێت بۆ دۆزەڕەوەکەی.

پارتی دیموکراتی کوردستان جیالەوەی شۆڕشی ڕزگاری بەخشی کوردستانی بەڕێوەدەبرد لەتەك ئەوەشدا دابڕاو نەبوو لە کاری ئیداری و دبلۆماسی و ڕۆشنبیری و ... هتد، باشترین نموونە دبلۆماسیەتی پارتی کە دبلۆماسیەتی کورد بوو، دۆزی کوردی بە دونیا ناساندن و هاوسۆزیەکی تارادەیەی نێودەوڵەتی ئەگەر لەسەر ئاستی تاك و دەزگای مەدەنیش بووبێت بۆ کورد بەدی هێناوە، کە ئێستا وەك دیکۆمێنت هەیە، هەروەها لە ناو سەرکردایەتی شۆڕشدا ئەنجوومەنێکی تەشریعی لە نوێنەری زۆربەی ناوچەکانی کوردستان هەبوو لە کەسانی بە ئەزموون و قاڵ بووی بواری سیاسی و قانونی و کارگێری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و... هتد. واتا بنەمایەك بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەك هەبوو لە ناوشۆڕشدا. جگە لە پەرەپێدانی بواری ڕۆشنبیری و کشتوکاڵی و ئابووری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها پاراستنی مافی ئافرەت و دوور کەوتنەوە لە نەریت و عادەی ناشرین... هتد. کە ئەمانەش لە ناوجەرگەی شۆڕش بوو کە لە بنەڕەتدا سیما و مۆرکی دەسەڵاتی مەدەنییە.

هەر ئەو بنەمایانەش بوو وای کرد دوای کێشانەوەی دامودەزگاکانی ڕژێم لە پایزی 1991 هەرێمی کوردستان بتوانی بەرهەرچ نرخ و شێوازێك بێت هەرێمی کوردستان بەڕێوەببات و گەورەترین و بی وێنەترین پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، کوردستان ببێتە خودان دامەزراوەی شەرعی و قانونی لەلایەن خەڵکەوە. کە ئێستا زۆر لایەن و دامەزراوەی حکومەتی و تەنانەت نێودەوڵەتیش داوا دەکەن ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان بۆ عێراق بگوێزرێتەوە بەمەبەستی دەرباز بوون لەو قەیرانە سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و قانونی یەی کە عێراقدا تێیدا گوزەر دەکات.

جا ئەمانە ناکرێت لە ئامانج و کار و تێکۆشانی پارتی دیموکراستی کوردستانی جیا بکرێتەوە، بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستان هەرچۆن سەرچاوەی کار و هەوڵ و تێکۆشانی شۆڕش بووە بەهەمان شێوە پێشڕوایەتی کاری بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی مەدەنی و دامەزراوەی و قانونی و دەستووریش بووە، چونکە پارتی بۆ ئەوە دامەزراوە کە ئازادی و دیموکراسی و هاوڵاتیبوون بۆ خەڵکی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەدی بێت و فەرەهەم بکات، کە ئێستا بەکردەوە گەواهی بۆ ئەو کار سەرکەوتوانەی ئیداری هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە ئێستای عێراقی لەبەر یەك هەڵوەشاو دەدرێت جگە لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت ئەو بەرپرسە کوردانەی دەسەڵاتی عێراق، ئەوەی پێی بووتری کاری ئیداری دەربڕی ئیدارەیەکی سەرکەوتبوو بکات بەدی ناکرێت لە عێراقدا. جگە لەوانەش هەر گرفتێکی زەحمەت هاتە پێش لە عێراق بۆ چارەسەر پەنا دەبرێتە بەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك کۆماری عێراق و بەرپرسانی دیکەی کورد، چونکە ڕسکاوی شۆڕشی کوردستانن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە دەتوانین بڵێین کاری شۆڕش لە کوردستاندا بە شێوە و شێوازی پێشو بۆ لابردنی دەسەڵاتێکی خۆسەپێن نەماوە، بەڵکو ئەرکی ئێستای پارتی زۆر زەحمەترە لەجاران، چونکە جگە لە خەڵکی کوردستان بەڵکو تەواوی عێراقیش چاوی بڕیوەتە ئەو شێوازی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شۆڕشدا کاری لەسەر کردووە لە ئێستاش کاری بۆ دەکات لەدەسەڵاتی مەدەنی، جگە لەوەی کەموکوڕیش هەیە لە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بەڵام چاوەڕوانی باشتری لی دەکرێت، چونکە دەسەڵات لەخەڵکەوەیەو بۆ خەڵکە نەك دەسەڵاتی خۆسەپێن. ئینجا ئەمەی کە هەوڵ بۆ دەدرێت تەنیابەقسە نابێت بەڵکو پێویستە دیراسەی زانستی بۆ بکرێت تا ئەو دەرفەتەی ئێستا بۆ کورد هاتۆتە دی لەدەست نەچێت و بە باشترین شێوە ئامانجەکانی کورد تێدا بچەسپێت: سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەی و مەدەنی.. هتد. چونکە ئەوەی شۆڕش هەوڵی بۆ دەدا بەدی هاتووە تارادەیەکی زۆر، بەڵام پێویستە لەسەر بنەمایەکی سیاسی و قانونی و ئیداری ڕێك بخرێت، کە ئەمەش لە کار و تێکۆشان و ماندوبوون و قوربانیدانی شۆڕش زیاتر نەبێت کەمتر نییە.

fateheahmad@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.